# مێردەکەی ئاسکەخاتوون

نووسەر: محەمەدعلی افغانی

وەرگێڕ بۆ سەرزمانی کوردی: عەبدوڵڵا ئیبراهیمی

وەرزی دووهەم

بەشی دووهەم

پیاوێکی کاسپ بوو و له کەسبدا هیچ شتێک له سەودا حەڵاڵتر نییە. سەیدمیران دوو دەست له کورسییەکان و چەند پارچە له باشترینی ئەو مافوورانەی لە خەتەنەسوورانی منداڵەکاندا لە فەرهادخانی دەلاڵیان بۆ بەکرێ وەرگرتبوون، هەرلەوێ لەماڵێ ڕاگرتن و نەیدانەوە. مافوورەکان کری کاشان و هاوریشم بوون کە هەرچی کردی و کراندی دڵی لێنەبوونەوە. ئەو لە بەرەبەرەی خۆشبەختیدابوو. چێژ و کامڕەوایی وەک گوڵەئەستێرەکانی شەو و ڕۆشنکەرەوەی چیمەن، لە چەپ و ڕاست ڕا بەدەوریدا هەڵدەفڕین و بەرەو ئەلها دڵڕفێنەکانی خۆی بانگیان دەکرد. ئەوەبوو کە زۆربەی ئەوکاتانەی لەکۆڵان دەگەڕاوە شتێکی شایانەی بەدەستەوەبو، کە لەبازاڕی بۆ ماڵێی کڕیبوو. لە کڕینی شتاندا تەبیاتێکی تامەزرۆیانەی هەبوو و وەک کەسێکی دەست و دڵ ئاوەڵابوو کە هەرگیز لە هیچ کڕینێکدا، هەرچەندەش چاوی بازاڕی کوێرکردبێ، هەستی بە پەشیمانی نەدەکرد.

بڕەو و کامەرانیی کاری ئەو پیاوە پشتئەستوور بوو بە هێزی خۆیەوە، چاوی لەماڵی خەڵکی نەبوو، چاکەی بۆخەڵکی هەبوو و جێگای ڕێزی گشتی بوو، زیاتر لە هەموو شتێک مایەی شانازی و خۆنواندنی ژنەکەی بوو. بەو حیسابە ئاهوو ئیتر چیی لەخوای دەویست؟ مێردێکی باش و کامڕەوا، منداڵگەلی ساغ و گەش، ماڵ و ژیانێکی لەهەربارێکەوە دڵخواز. ئەو ئیتر نە ئەو بوونەوەرە بەختڕەشەی سەردەمی کچێنیی ماڵە پووری بوو و نە ئەو ژیانە چڵکن و بێ ڕۆژوشەوەی دووکانی سەر سووچی چوارڕگوزەر. کاری ئەو جیهانە چەندە جێگای تێڕامانە، ئەو ژیانەشایانە، کام پاشبینێک دەیتوانی پێشبێنی ئەوەی بکات؟! بۆ لای چەپ دەچوو تووشی ناوی مێردەکەی بوو، بۆلای ڕاست دەڕویی ناوی خۆی بوو. وا وێدەچوو ژیانی خەڵک و دراوسێکان بەبێ ئەو و مێردەکەی نەتوانێ ڕەنگ و بۆنێکی هەبێ. شایی بێ یا شین، دەنگی لەماڵە وی دا دەهات؛ مەنجەڵی مەنونیوی و کەرستەی سەر سفرە، قاوەخۆری و قلیان، مێز و کورسی یا پێویستییەکانی دیکەی خۆیانیان لەوێ وەردەگرت. تەنانەت جاروابوو ژنان بۆ سەرداوەتێ داوایان لێدەکرد زێڕوزەبنەریان بەئامانەت وێدا و ئەو درێخی نەکا. جووتێک دەستبەندی سێ مەناتی و ئاشقبەندی دەمەناتی، گوارەی ددانەدار و دو ئەنگوستیلەی سەر پیرۆزەیی، ئەوانە سەرجەمی زێڕوزەنبەری بەنرخی ئاسکە بوون کە هەمووی لەڕێگای کەڵاشچنی و لەوانەشە پاشەکەوتی خەرجی ماڵ، بۆخۆی کڕیبوون. لە کەڵاشچنیدا، لەگەڵ ئەوەدا کە وەستاش بوو چەند کچی ماڵەکانی دیکە، و لەنێویاندا زەڕی و ڕوباب، کچەکانی خورشید و نوقرەش لەژێردەستیدا کاریان دەکرد. لەنێو ئەواندا، ڕوباب لێهاتوویییەکی زیاتری دەنواند؛ ئەوانی دیکەی هێشتا فێری دەورەی گوردی نەببوون کەئەو دەستی کردبوو بەڕووی کەڵاشو جووتی چوارقڕانی کارانەپێدەدا. دەستکارییەکانی دوایەی بەلێدانی ڕایەڵە و ددانەکانی، بۆخۆی دەکردنو لەبازاڕدا جووتی بەحەوتقڕانی دەفرۆشتن. هەرکچێک فرێتی بەدەستەوەگرتبا شیرنیاتێکی دەدایەوقڕانێکیشی دەخستە سەر کارانەکەی. بەوجۆرە، مەگەر بۆ ژنێکی سادە و کەمچاوەڕوانی، خۆشبەختی واتایەکی دیکەشی هەیە؟ مافوورەی کاشی و کرمانی لەبن پێیدا، کە نەخشە دڵگرەکەیان وەک چیمەنێک پڕ گوڵ و ڕیحانەی دەخستە ناو دڵ و ئاوێتەی گیان دەبوون. لەژوورسەری، بەری بانێکی ئیخۆی، کە ئاسوودەیی خۆی و مێرد و منداڵەکانی دابین دەکرد. لە دەوروبەریدا کۆرپەگەلی دڵبەند کە بێ ترس لە هەر خەم و نیگەرانییەک، یاری و شایییان دەکرد و هەڵیان دەدا؛ هەر ڕۆژەی تێدەپەڕی لەنەمامیبوونیاندا ڕەمزێکینوێ لەسروشتی جوان چرۆی دەردەکرد، گوڵی دەکردودەپشکووت، ڕەنگوبۆن، شیرینی و تازەیی، تەڕیوبەڕی و پاکی و بێگەردیی دەبەخشییە ژیان. ژیانی ئارام و بێ پەرواى وان کە بەگوڵگەلی مەخمەریی کامەرانیڕازابۆوە، گەمییەکی سووکبوو بەنەرمی سینگی شەپۆلەکانی ڕۆژگاری دەقەڵاشت و خۆش خۆش بۆ پێشەوە چوو. ئاسکە وەک شاژنان لەسەرپانتایی ئەوگەمیە لەنجەی دەکرد؛ گیان پڕاوپڕلەشادمانی، زولفەکانی دابوونە دەست شنەبا، بەچاوی نیوەقووچاو لەبەر تیشکی بەگرشە لە دیمەنی زێڕینی ئاسۆدا، داهاتووی ڕوون و هیوابەخشی خۆی و کۆرپەکان و مێردە خۆشەویستەکەی دەدیتن. ئەو کە هەر لە منداڵییەوە خووی بە ئاپۆڕ و ناکامییەکانی ژیان گرتبوو، ئێستا بە هەنگاوگەلی زۆر درێژ*[1] لەپردی نێوان بەدبختی و خۆشبەختی پەڕیبۆوە، لەبازاڕی چارەنووس و قسمەتو نسیبی خوایی، کە باوەڕی پێی بوو، زۆرتر لەو ڕادەی ڕازی بوو کە بیرلێبکرێتەوە. خەڵکی دی نانیان نەدەگەیشتە پیوازەکەیان، ئەو پێستە ڕۆن و کووپە پەنیری دەسندووقخانەدا بە سەرنەکراوەیی دەمانەوە. تازە پێداکەوتوو بوو، بەڵام تامی ناخۆشی تەنگانە و کوێرەوەریی دەبن ددانیدا مابۆوە. ژنێکی ڕەنجدەر بوو کە هەرکە لەکاری ماڵێ و پێڕاگەیشتن بە منداڵەکانی دەبۆوە، بوخچەی پینەوپەڕۆ یا کاری کڵاشچنییەکەی دێنا پێش خۆی. وەها خووی بە ڕەنجدان گرتبوو کە مریشک بە پێپڕکە. هەرچەندیش بەفەرعانی گەیشتبوو، لەتەنپەروەری بێزاربوو. لەبەر ئەوەی ژنێکی دەروون پاک و هزرباش بوو، لە ئێرەیی وبەدوێژیگەلی بێجێی ژنانە، کە نیشانەی بچووکیی ڕەوانن و لەهەموو شتێک زیاتر بۆ خودی کەسەکە دەگەڕێنەوە، خۆی بەدوور ڕادەگرت. زەردەخەنەیەک لە سیمای مانداریدا بەدی دەکرا کە دەگەڵ هەموو شتێک هاوڕابوو و دانی بە هیچیش دانەدەنا. ئەوەی بەڕاستی ڕەنجی دەدا خەفەتی خەڵکی دی بوو؛ چونکە واتای خەم و خەمخۆریی زیاتر لە شادی، بەگۆشت و پێستی خۆی هەست پێکردبوو. کەمتاکورتێک ئاگاداری ژیانی جیهانی زەرقوبەرق و ناوو ناوبانگ بوو. بنەماڵەگەلێکی دەناسین کە نۆکەر و قەرەواش و توڵەو تاژییان ڕادەگرتن؛ ماڵگەلێکی دەناسین کە سەردەرگای شایانە، ئەندەروونی و لامێردە، ژووری خولامان و دەستوپەیوەندانیانهەبوو، کارەبایان هەڵدەکرد و پلاکی زەردو بریقەداریان بەسەرەوەی دەرگایانەوە و زەنگی ئاگادارکردنەوەیان هەبوو. هەر لەو خانووەی ژێردەستیاندا بنەماڵەیەکی هەرمەنی دانیشتبوون کە هەرچەند کرێنشین بوون، نۆکەر و قەرەواشێکیان نەبوو، بەڵام لەوەێڕا کە کار و تێکۆشانی هەمیشەی ژن و پیاوەکەی بنەماڵە، دووکەڵی یەکبینی ئاشپەزخانە، حەساری پڕ گوڵ و شینایی، کایەکییە ڕەنگاوڕەنگەکانی منداڵانیان، وایان دەنواند کە لە ئاستێکی بەرزتری ژیان و گوزەرانی ئاساییدابن. ئەوشتانە ئارەزووی دووری لە دڵی ژنە سێساڵەکەدا دەورووژاندن؛ بەڵام ئاسکە هەرگیز ئێرەییی بەکەسەوە بەدەبرد. چونکە ئێرەیی نیشانەی بەدخوازی و بەڵگەی بێتوانی و لێنەهاتوویییە. ئەگەرمێردی وی لە گۆڕەپانی کاتدا پلەوسامانی بەرمەکییانی لەدەرباری هاڕووندا پێکدێنا، دیارنەبوو کە ئەوان بتوانن یا بیانەوێ هەموو پەیوندییەکانیان بە ڕۆژگاری ڕابوردوویانەوە بپچڕێنن و فڕێیاندەن. بۆ وی و هەروەها مێردەکەی، ژیان و تێکەڵاوی لەگەڵ ماڵەفەقیرەکاندا دڵگرتر بوو لە ئی ساماندارەکان. سروشتی بێفیز و بێ ئازاری ئەو ژنە کە هەموو دانیشتووانی ماڵەکە بە "خانم"

*[1] - نووسەر دەڵێ: (گامهای فرسنگی)، کە مەبەستی هەنگاوی زۆر درێژە و من ئەو واتایەم پێ جوانترە و دامناوە.

بانگیان دەکرد، پاش گۆڕانکارییەکی تا ڕادەیەک گەورە کە لە ژیانیدا هاتبووە پێش، هەر وا وەک خۆی مابۆوە؛ دەتکوت جووجەڵەیەکە هەرگیز نایەوێ لەدایکی جیابێتەوە. ئەگەر کەڵکەڵەی کات و پێشهاتەکان تێدەکۆشا ڕابردووی تاڵ و نەناسراوی لەبیربەرێتەوە، لەوێ، لەناو دراوسێکانیدا کەسانێک هەبوون کە ئەو ڕستە زانایانە یا وێچووەکانی بێپسانەوە لەبن گوێچکەیدا بڵێنەوە: سەلام عەلەیک، ئاسکە خاتوون، وا زوو خۆت لێ گۆڕا؟! هەقتە! ژیانی ئەوکەسانە وێنەیەکی زیندوو بوو لە ڕابردووی خۆی، کە وەک کەپەنەکی دڕاوی هەیاس[1]، هەردەم وەبیریدێناوە. لەجەنگی ژیاندا، وەک ئەو بەچاوی خۆی دەیدیت، ئەوانی دیکە دەچوونەخوار و بۆخۆیان دەهاتنەسەر. ژنە بێریا و پاکخوویەکە بێجگە لەوەی کە شادبێ و شوکرانەبژێری دەرگای خوا، چ بیر یا دژکردەوەیەکی دەتوانی هەبێ؟ هێندێک جاران کە هەموو بە باشی و خۆشی دانیشتبوون و قسە دەهاتەگۆڕێ، سەری بەرەو ئاسمان هەڵدێناو لە قووڵایی دڵەوە هاواری دەکرد:

- پەروەردگارا، ئاسکە ئیدی چ مرادێکی هەیە لەتۆی بخوازێ، جارێکی بەقسمەت کە دەستی وە قوفڵی ئیمامی ڕەزا ڕابگات؛ هەر ئەو ئیمامە خۆشەویستەی مەهدییەکەمی وێدامەوە.

لێیان دەپرسی ئایا ئەوە تەنیا مرادیەتی لەخوداوەند؟ بە بزەیەکی شاراوەوە وەڵامی دەداوە:

- خوداوەند هەرگیز هەموو ئاواتەکان وێکڕا بەجێناگەیەنێ. هەر شتەو لەکاتی خۆیدا؛ جارێ لەوەی زیاتر ئاواتێکم لەدڵدا نییە.

شەوێکی میرزا لەواشپەز، برای پەیمانی و هاوکاری سەیدمیران، لەگەڵ هاجەری ژنی، بۆ شەونشینی هاتبوونەماڵیان و هەرکە باس هاتەپێش؛ سەیدمیران بە خۆڕانانێکی تایبەتەوە کوتی:

- دایکی منداڵەکان هەقی زۆری بەملی منەوە هەیە؛ بەڵێن بێ، ئیشاڵڵا گوێی شەیتان کەڕبێ لە سەفەری دووهەممدا بۆ مەشەد ئەویش دەگەڵ خۆم ببەم. ئیدی چت دەوێ ئاسکە، لێم ڕازی دەبێ؟

ئەو قسە دڵی ژنەگەنجەکەی، کەلەوکاتەدا بیستوحەوت ساڵان بوو، لەخۆشی هیوایان لەرزاند. چاوی لەبەر ئەمەگناسی و شادمانی پڕبوون لە فرمێسک و بێ مەبەست کوتی:

- خۆشەویستەکەم، منیش بۆ ئەوەی نەبمە سەربارت و خێرەکەشی هەر ئی خۆم بێ، پووڵی کرێ و خەرجی ڕێگاکەم بۆخۆم دەدەم؛ پاشەکەوتێکی کەمم هەیە کە تائێستا پێم نەکوتبووی. ئایا سی تمەن بەش دەکات؟

- سەید میران بە ڕوویەکی خۆشەوە پێکەنی؛ سەری بۆلای میرزانەبی و ژنەکەی، کە بەتوندی خۆی داپێچابوو، وەرسووڕاند و کوتی:

- مەگەر بۆخۆت لەکوێت هێناوە؟ بێگومان لە خەرجی ماڵێت گێڕاوەتەوە، کە ئاواش بێ ئەویش ئی خۆمە.

ئاسکە بە شپرزەیی و لەگەڵ ئەوەدا کەمێک سوور هەڵگەڕابوو، وەڵامی داوە:

- نا بەگیانی مەشەدی، بەمەرگی منداڵەکانم! تەنانەت شاییەکیش لەوپووڵە ئی خەرجی ماڵێ نییە. ئی ڕەنجی کاری خۆمە، کە بە کاری کەڵاشچنیی ڕۆژانەم کۆم کردۆتەوە. درۆت دەگەڵ ناکەم، لە کەلێن و قوژبنی خەرجەکانیشم جارجار گێڕاوەتەوە، بەڵام ئەگەر شتێک لەوڕێگایەوە پاشەکەوت کرابێ، حیسابەکەی جودابووە، بەکاری شتێکی دیکە هاتووە.

هاجەرخانم ژنێکی نەخۆشی هەمیشە بەناڵەناڵ بوو، کە زۆر کەم لەوانەبوو لەماڵێ بێتەدەر؛ لەگەڵ ئەوەیدا بە چارشێوی سەری دیوارێکی لەپێش چاوی دۆستی مێردەکەی سازدەکرد بەتانە کوتی:

- ئاسکە خاتوون، بەڕاستیتە تائێستا هەر سی تمەنت پاشەکەوت کردووە؟ پاشەکەوتی زێڕەکانت بە سەت تمەن دەکرم.

- ئەوە فرۆشتم.

- جێگاکەم پێ نیشان بدە!

- جێگاکەی هەر ئەو سندووقەی حازرییە، سەت تمەنەکەت دەرێنە تا کلیلەکەی بدەمە دەستت. پووڵی نەخد لە هەر چەشنێک، زێڕ، زێو، مس، کاغەز، هەرچییەکت دیتەوە ئی خۆت.

- سوێندێ بخۆ لە بنی سندووقخانەی هۆدەکەدا سکەی پێنج قرانیی ئەحمەدشاییت نەناشتوون، باوەڕ بە قسەکەت دەکەین. تۆ لەوکارەدا پێشینەت هەیە؛ مەبەستم دووکانی نانی سێڵێی سووچی چوارگوزەرەکەیە کە بۆخۆت بۆت گێڕاومەوە. کەسێکی ئاوا بێگومان پووڵەکەی لەجێگایەکی وا دانانێ کە بەئاسانی دەستی وێڕابگات.

میرزانەبی کە ڕۆژنامەیەکی بچووکی ناوچەیی دەخوێندەوە خۆی دەقسەکان هەڵقورتاند:

- ئەگەر سوێندی خوارد، ئەوە سەوداکە وەک خۆی دەمێنێتەوە یا قسەکەت دەخۆیەوە؟ من لەجێگای تۆ بام، تەنانەت پێش سوێندەکە لەسەر قسەی خۆم ڕادەوەستام، چ بردبامەوە و چ دۆڕاندبام.

سەید میران کوتی:

- ژن ئەوکەسەیە کڵاوی لەسەری شەیتانی نا؛ ئەگەر سوێندی خوارد بەدڵنیایییەوە بزانن سکە نێژراوەکان پێنج قرانی نین و یەک تمەنین؛ یا لەجیاتی ئەحمەدشایی، پەهلەوین.

ئاسکە بە بەرهەڵستییەکی دڵپاکانەوە سەری وەها بۆ لایەک تەکان پێدا کە قژە پرەکانی لەژێر چارشێوەکەی شەپۆلیان دا:

- هیچ سوێندێکم لەسەر نییە بیخۆم، مەگەر من جێگای ویم گرتۆتەوە پووڵەکانم ببەم لە حەوت کونەمشکاندا بشارمەوە، یا کارەکانم نهێنی بن؛ ئەوەی قسەی وادەکا بێگومان شکی لەخۆیەتی؛ قەل بەقەلێ دەڵێ ڕووت ڕەش*[1].

ئەو تانووتەی لەو قسەی دوایی ژنی سەید میران دابوو، بەدڵی نەبوو؛ بەدوور لە چاوی میوانەکان چاوێکی لێ مۆڕکردەوە. ئاسکە لە قسە هەڵنەسەنگێندراوەکەی خۆی پەشیمان بۆوە. مەبەستی وی لە کاری بەدزی ئەوە بوو کە دەیانکوت ئاهوو هەمیشە لە خەڵوەتیی دیوەکەیدا جەوهەری بۆ میرزانەبی دەکوتا؛ ئەو جەوهەرەی ماڵی قاچاغ بوو و هەر مسقاڵەی قرانێکی قازانج تێدابوو. میرزانەبی کوتی:

- سواڵکەر هەرچی دەتوورەکەی خۆیدابێ، پێیوایە لە توورەکەی هاوڕێکەشیدایە. من باوەڕم بە قسەکانی ئاسکەخاتوونە؛ ئەو هەرگیز درۆ ناکات؛ چونکە ئەو پووڵەی ئی ڕەنجدانی خۆیەتی، سەرەڕای ئەوەی لەماڵە مێردەکەی وەدەستی هێناوە، بە شەرع و عورف ئی خۆیەتی و مەشەدی مافێکی بەسەرییەوە نییە. زۆران پێیانوایە ژن بێجگە لە پووڵی گەرماو و ئەوەی لەماڵە باوکی ڕا هێناویەتی، مافێکی دیکەی بەسەر ماڵی مێردەوە نییە. تەنانەت ئەگەر خێرێکیش بۆ مردووان بکات، دەبێ مێردەکەی گەردنی ئازاکات. من ئەو باوەڕانە بە پووچ دەزانم.

١- هەیاسی خاس یەکێک بوو لە نیزیکانی دەرباری سوڵتان مەحموود کە لە خولامی و شوانی ڕا گەیشتە پلەی بەرز، کەپەنەکی دڕاوی سەردەمی شوانیی خۆی دەسندووقێکدا ڕاگرتبوو کە ماوەبەماوە دەرگای سندووقەکەی دەکردەوە و چاوی لێدەکرد تا ڕابردووی خۆی لەبیر بێ و بەپلەوپایەی ئێستای لەخۆ بایی نەبێ.

ئەوجار لەنێوان دوو برادەراندا، بەبێ ئەوەی ژنان خۆی تێهەڵقورتێنن، لەسەر مافی ژنان لە شەرعی ئیسلامدا، باسێک هاتە گۆڕێ کە تا کۆتایی شەونشینییەکە درێژەی پێدرا.

میرزانەبی پیاوێکی تێگەیشتوو و خوێندەواری خەڵکی هەرسین بوو. بە هەموو حیسابگەری و خۆپارێزییەکەیەوە لەژیانو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیشیدا، سەبارەت بە دۆستان و بەتایبەتیش سەید میرانی سەرابی، سڵی لە هیچ جوامێرییەک نەدەکرد. مرۆڤێکی بێهەوا و بێ چاوەڕوانی بوو کە تەنانەت سڵاوی لە منداڵیش دەکرد. ژنەکەشی کە سێ منداڵی هەبوون، هەرسینی بوو؛ بەشێکی بە قسەخۆشی و شیرن زمانیی ژنانی ئەو شوێنەوە هەبوو، بەڵام لەباری بێپارێزی و ئازاد جۆڵانەوەیدا، لەوشوێنەی پیاوی لێبوون، لەوان فرە جیاواز بوو. نۆقڵی باسی سەید میران لە هەر میوانی و کۆڕێکدا، دیتەنییەکانی سەفەری خوراسان بوو؛ ئاسکەش هەر بۆیە تاقە ئاواتەکەی خۆی لەهەموو شوێنێک دووپات دەکردەوە. مزگەوتی گەوهەرشاد و خێراوخانەی سمایل تەڵایی لەگوێچکەی ویدا ئاهەنگێکی تایبەتیی هەبوو. هەرکە کەوشەکانی سواربووبان بە شادمانییەوە دەردەپەڕی:

- ها سەفەرمان لەپێشدایە، دەچینە زیارەتێ.

وەک ئەوەی زیارەت قەرزێک بوو لەسەری کە دەبوو بیداتەوە. بەڵام کە سەیدمیران بۆ جاری دووهەمیش چووە خوراسان و ئەوی نەبرد، بە ددان بەخۆداگرتنەوە دڵخۆشیی خۆی دایەوە کە:

- ڕەنگە حەزرەت هێشتا بانگی نەکردبم.

لەوکاتەدا زگی لەسەر مەهدی چوارمانگان بوو، بیری زیارەت زۆر لەپڕرا و ئەوکاتە هاتەپێش کە چەند کەس لە دۆستان و هاوکارانی مێردەکەی خەریکی چوونە خوراسان بوون. سەید میران لەناکاو ڕا لەسەریدا ئەویش بچێ. ئەگەر هاوسەفەرەکانی ژنێکیان لەگەڵدابا، سەرەڕای ئەوەی ئاسکە باری شووشەبوو، ئەویشی دەگەڵ خۆی دەبرد؛ بەڵام هەموو ژنەکانی خۆیان لەماڵێ بەجێهێشتبوو، و بێجگە لەوەش هەلێک نەبوو تا ئاسکە خۆی کۆکاتەوە؛ ئەوڕۆ مێردەکەی هاتەوە ماڵێ و ئاگاداری کردەوە کە دەچێتە سەفەرێ؛ ئامۆژگاریی پێویستی کردن؛ دووکانەکەی بە میرزانەبی ئەسپارد و وەدووسپەی ڕا، بە وادەی گەڕانەوەی پازدەڕۆژان وەڕێکەوت. خۆشییەکەی لەوەدا بوو کە، لە دوایین چرکەی وەڕێکەوتن لە کاڕێژدا، ئەوکاتەی دەیویست سواری ماشێن بێ، بارام کە تا ئەوتەمەنە بێژن بوو و دایکی بەجلکی گابارەدینەوە شۆخوشەنگ هاتبووە بەرێکردنی، لەپرمەی گریانی دا و خۆی بەزەویدا کێشا کە ئەمیش دەیەوێ بچێ.

*١- ئەوەم لەجێگای ئەو پەندەی فارسی داناوە کە دەڵێ: کافر همەرا بەکیش خود پندارد.

موسافیرەکان کە چەند کەسێکی عەرەبیشیان دەگەڵدا بوون، هەموویان سوار ببوون. شۆفیر لەپشت فەرمانێ دانیشتبوو. ماتۆڕ دەنگی دەهات و شووشە و بەدەنەی ماشێن دەلەرزیینەوە؛ لەو چەند دەمەکورتەدابوو کە سەید میران بە پێشنیاری یەکێک لە دۆستانی هاوسەفەری واتە خولێخۆشبوو مەشەدی نەورۆزعەلی، لەناکاو بڕیاریدا منداڵەکەش لەگەڵ خۆی ببات. ئاسکە کە خافڵگیر ببوو پێش ئەوەی دڵی پڕکەفوکوڵی خۆی بۆ ئەو جیاییە ڕاضی کردبێ، جڵەوی خۆی دایە دەستی پێشهاتەکە؛ خەندە لەسەرلێوان و فرمێسک دەچاواندا. و ئاوا بەدەستێکی لەرزۆک بەدووعای خێر و دڵی بەکەفوکوڵ لەترسی چاوەڕوانییەوە لە دوو خۆشەویستی خۆی جوێ بۆوە. سێ ڕۆژ دواتر چێشتی دوای سەفەرکردووی لێنا و دایە دراوسێیان. پاش مانگێک دووری کە بۆ ژنە خۆشبەختەکە بە ساڵێک بوو و بەدوای دوو تێلگراف لەمەشەد و تاران ڕا و وتووێژێکی تەلەفۆنی لە هەمەدان ڕا دەگەڵ میرزانەبی، بەسەفەرچووە بچکۆلانەکەی و باوکی تەندروست و باش گەڕانەوە. خەڵکی کرماشان خوێنگەرم، دڵ زیندوو و خوازیاری شایین؛ لای ئێوارەی یەکێک لە ڕۆژەکانی بانەمەڕ بوو. بەقەرا پازدەکەس لە نانەواکان و یەک دوو ئاشەوان کە هەموویان لە دۆستانی نیزیکی سەید بوون، بەدوو ماشێنی فۆردی سەرئاوەڵە بە سازو دیمبەگەوە تا بێستوونێ چوونە پێشوازی زیارەتکەران و بە شکۆیەکی هەرچی زیاتر هێنایاننەوە نێو شاری. کەوش و کۆت و کڵاو و کایەکیی زۆر بۆ منداڵان، یەک دەست پارچەی مەخمەری شین بۆ ئاسکە، کەوڵێکی خوڕاسانی بۆخۆی، تۆپێک پارچەی بەرەک، کە میرزانەبی هێندێکی بۆخۆی هەڵگرت – زافران بۆ ئازەرنووش، زیرە و عەنناب و باوەشێن، دەسحیب و سۆهان و سابوونی قوم بۆ دراوسێکان و ئاشنایان، ئەوانە بە بەکورتی چەند دیارییەک بوون دەگەڵ خۆی هێنابوونی و هەرکەسەو شتێکی وەبەر کەوت و پێ شادبوو. بەوحاڵەش، و بەهەموو ئەو داوایانەشەوە کە لێی کرابوون، گڵی پیرۆزی حەسڵی لەبیرچووبوو. ئەگەر خودی ئاسکەش کە هێندە بەئاواتییەوە دەسووتا دەگەڵ مێردەکەی چووبا بێگومان لە شادی و ورووژانی لە ئەندازە بەدەری ئێستا بەقسمەتی ببوو، بێبەش دەبوو. هەرگیز بیری لەوەی نەدەکردەوە کە بۆ ئەوی نەبرد. ئاوای بەدڵدا هاتبوو کە سەرەنجام ڕۆژێک ئەویش بەئاواتی دڵی خۆی دەگا. خەڵک لەبەر ڕێزی جەددی مەزنی سەید میرانی لەپێش هەمووواندا چوونە سەردانی وی. یەک دوویەک لە هاوسەفەرانی کە بەدوای ناوناوبانگدا نەبوون یا کەرستەی میوانداریان نەبوو، هەر لەوڕۆژەیدا کە سەیدمیران بۆ دانیشتن دیاریی کردبوو چۆونە ماڵەکەی وی، تا دوایین کاتی دانیشتنەکە مانەوە و برادەرانی خۆشیانیان ئاگادارکردنەوە بۆ سەردانیان بێنە وێ. ئامانجی وان لەو کارە ئەوە بوو کە خەرجەکان، هەرچەندی کردبا، هەرکامەیان بەشی خۆیانی لێ بدەن. بەڵام سەیدمیران ئەوکەسە نەبوو کە بچێتە ژێربار. هەر نەکرا باسیشی بکەن.

لەوسەفەرەی ڕا، ئەو، دیاریگەلێکی دیکەشی دەگەڵ خۆی هێنابوون کەبریتی بوون لەبیرەوەری و بینراوە تازەکانی؛ ئەوبیرەوەرییانەی دەبوو تا کۆتاییی تەمەن باسیان بکاتەوە و زۆر دەوڵەمەندتربوون لە ئی جاری پێشووی. بردنی بارام بەتایبەتی، بەهەموو زەحمەت و دەردیسەرییەکانی، بیانووگرتنەکانی و جارجارەش بێئۆقرەیییەکانییەوە، کە یەک دووجاران دەهریی کردبوو، نەتەنیا خراپ نەبوو، بەڵکوو ببووە بابەتێک کە لە خۆشی بەدەریش نەبوو؛ دەرێگادا، بۆ هاوڕێیان ببوو بە هۆکارێکی کەیف و سەرگەرمی. کوتنی سروودی پێش کاروانی زیارەتکارانی لەسەر پێچپێچەکانی ڕێگاو کاتە بەسۆزەکانی سەفەرەکە کە سەفەرییەکانی لە وێژنگدان وریادەکردنەوە، ڕاگرتنی حیسابی بەردەکانی فرسەنگ ژمێری قەراغی جادە، کە تا گەیشتنە جێگا ببوونە سیوشەش؛ سواری قەڵاندۆشی هاوڕێیان لەکاتی خرابوونی ماشێن کە ئەوانی ناچاردەکرد ماوەیەک بەپێیان بڕۆن، خۆ شیرن کردنە پێکەنیناوییەکانی لە میوانداریە بەشکۆیەکەی ماڵی حاخی لەتیفی تارانی کە بە خەواڵوویی پڵاوی دەگیرفانی کرد و وەیزانی کشمیشە؛ و زۆر بابەتی دیکە، هەمیشە لەسەر زمانی باوک بوو. لەنێو ئەو بیرەوەرییە لەبیرکردن نەهاتووانەدا، کێشەی خانمێکی هێژا کە لەبازاڕی کەوشدرووەکانی مەشەددا بەهانای منداڵەکەوە هاتبوو، لەلایەنی خودی پیاوەکە زۆرترشایانی باس بوو؛ ویستبووی بگاتەوە برادەرانی دیکەی کە چووبوونە حەرەم، بارام کە بۆخۆی ببووە هۆکاری بەجێمانەکە، لەپێش بازاڕ دەستی خۆی لە دەستی وی دەرکێشابوو، پێی دەهەردی وەژاندبوون و نەیویستبوو بچێتە حەرەم. سەید میران ویستبووی بەقسان ڕامی بکا، ئیدی تاقەتی نەمابوو، بەو بیانووگرتنە بێوادەیە دەهری ببوو؛ شەقازللەیەکی توندی تێسرەواندبوو کە جێگای هەر پێنج قامکانی لەسەر ڕوومەتی مابوونەوە. لەونێوانەدا دووژن کە دیاربوو هەر لەسەرەتاوە ئاگایان لە کێشەی نێوان ئەودووانە بوو، تابی گریان و ئازاری توندی منداڵەکەیان نەهێنابوو؛ غاریاندابووە پێشەوە و منداڵەکەیان، هەر وەک ئەوەی ئی خۆیان بێ، لەدەستی ئەستاندبوو. یەکێک لەوان باڵابەرزێکی جوان و خۆش سیما بوو و بریقەی چارشێوی فایدووشین و بۆنی خۆشی جلکی بەتەنیا بۆ نواندنی هێژاییەکەی بەس بوو، ڕووبەندەی هاوریشمینی خۆی هەڵدابۆوە و بە دەنگێکی شیرن بەسەری ڕۆیبوو:

- بۆ لەومنداڵەی دەدەی، مەگەر باوکی نیی؟ ئایا دایکی ویشت لەگەڵ خۆت هێناوە؟ ڕەبیی بمرم، کەواتە بەوەشدا کە بەستەزمانە لە دایکی دوورە نازانی ئەو نامێهرەبانییە تا چ ڕادەیەک ئازاری دەدات!؟

ژنە ئەوجار منداڵەکەی بە دڵسۆزی و لاواندنەوەی، وەک دایکێکی دڵسۆز و بەئەزموون، ژیرکردبۆوە؛ فرمێسکەکەی بە دەسرە پاک کردبۆوە. بەڕاستی ئەو مێهرەبانییە کە وەک بۆنی گوڵ لە هەر شوێن و لەهەرکەسەوە بێ دڵگرە؛ سەید میران بەهەڵەی خۆی زانیبوو؛ زیادە لە ڕادەی بیرلێکردنەوەی خۆشی پێ تێکچووبوو؛ وەهاکە هەر لەوێ لەپێش چاوی ژنەکان بۆ دڵنەواییی منداڵەکە بە دەست ئاوەڵاییەکی تەواو و بەبێ چەنەلێدان چەند کایەکییەکی لە وردەواڵەفرۆشیی کڕین کە کەڵەشێرێکی چینەکەر و سەرنج ڕاکێشیان لەناودا بوو. پاش گەڕانەوە لە سەفەر هەرلەیەکەم جاری گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا بۆ ژنەکەی هەستی دایکانەی ئاسکە وەجۆش هات و گوتی:

- ئای لەو ژنە مێهرەبان و نازەنینە! ئەگەر لەوێ دەبووم، بەخوای زاریم ماچدەکرد!

کەربەلایی عەبباس، پیرەمێردێکی نوکتەزان و نابینا و دراوسێی ماڵەکەیان بوو و لە ناو کۆڕەکەدا بوو، زیرەکانە لێی زیاد کرد:

- ئارخەیان بە کیژم، وێدەچێ ئەو لەجیاتی تۆ وای کردبێ.

ئاسکە کە تازە حیسابەکە کەوتبووەدەستی بە دەنگێکی نەرم و کێشدار، کە سەرکۆنەی لێدەباری، پرسیی:

- وایە مەشەدی؟

گۆشەی لێوی سەید میران وەک ئەوەی وەخروو کەوتبێ، بە بزەیەکی شاراوە و ئارام جووڵاوە و کوتی:

- پێم خۆشبوو بەڵام بۆم نەکرا. پاشان، جارێکی دیکەش لە حەرەم چاوم پێیکەوت؛ دانی بۆ کۆتران ڕۆدەکرد. پێشانی نەورۆزعەلیم دا، کوتم: ئەوە باوی دانی تۆیە، بەشەوێک چل ساڵ گەنجت دەکاتەوە. خوالێخۆشبوو خەنی بوو. تەنانەت بەچەند وشەیەکیش دواندمان؛ هەواڵی بارامی پرسی کە دەگەڵمان نەبوو. ئەوەی دەگەڵیشی بوو، دایکی بوو. زاراوەکەیان وای دەنواند کە دەبێ خەڵکی تارانێ بن. ئەو ڕۆژە زیارەتەکەیان کردبوو، بەتەمابوون بچنە زیارەتگای خواجە ڕەبیع کە لەهەمان کاتیشدا گەرانگەیەکی باش و دڵگرە. ئێمەش بەنیازبووین بچین، بارام دەگەڵم نەبوو. بێجگەلەوەش، برادەران هەرکامەیان بەلایەکدا پرش و بڵاو ببوونەوە و ئاگادار نەبوون.

ئاسکە بەبێ ئەوەی بەقسەکانی مێردەکەی هەستی بە ڕەنجان یا ئێرەیی کردبێ بە خۆشڕووییەوە خۆی تووڕەکرد:

- باشە، باشە، "دڵم ویستی و بۆم نەچۆ سەر!" کەوابوو ئێمەش دەواتای چوونەزیارەتی ئاغایان گەیشتین. بەوەیڕا دەردەکەوێ، ئەو سەفەرەی جاری یەکەم بەهەموویەوە حەڤدە ڕۆژی نەگرت، بۆ ئەوجار لەمانگێک تێپەڕی. تەنانەت دەبینی پووڵەکەشت تەواوبووە و بە تێلگراف داوای بەرات لە حاجی مەحموود ئاغا دەکەی. لەخۆڕانییە من دەگەڵ خۆت نابەی. ژنۆکەی تارانی کە دیارنییە لە چ قوماشێک بووە دڵی لێئەستاندووی. وەڵڵا بیللا ئیدی لەئێوە ڕابووردووە.

سەید میران لەقاقای پێکەنینێی دا و بە خاکەڕاییی، قسەکانی خۆی چاکردەوە:

- گاڵتەی دەکەم ئافرەت؛ دەمەوێ بزانم تۆ دەڵەی چی. بێجگەلەوەش، تۆ دەبێ مێردی خۆت لە بەری دەستت باشتر ناسیبێ. من ئەو کاتانەی گەنجیش بووم، ددانم دەزاریدابوون و تووکی سەرم لەبەر ڕەشی وەک شەبەق بریقەی دەدا، پیاوی ئەو بەتفەڕییانە نەبووم؛ ئێستا کە وەک دەڵێن پیرو کولێوم، دەبێ چۆن بم؟ ڕاستە ئەو ژنێکی جوان، خۆش مەشرەف، و لەهەمووان گرنگتر مێهرەبان بوو؛ بەڵام بابەتەکە بەهەڵە وەرنەگری، بۆخۆی بەتەواوی پیاوێک بوو؛ ژنانی تارانی هەموو وان. لەناو سەفەرەکەدا، من لە یەک دوو جێگای دیکە دەگەڵ ژنانی تارانی بەرەوڕووبوومە؛ شتگەلێکم لێیان دیوە کە هەرکەس بیبیسێ باوەڕناکات. لەگەڵ ژنانی گێل، سەرکوت کراو و بەستەزمانی خۆمان حەرز تا حاسمانیان نێوانە. زۆر دەربەستی حیجاب نین، بەڵام کێیە بتوانێ بەچاوی خراپ چاویان لێکات.

کەربەلایی عەبباس پیرانە سەرێکی ڕاوەشاند:

ها، ها، ئاسکەخاتوون من دنیام زۆر دیوە؛ و دنیادیتوو باشترە لە دنیاخواردوو. دەبێ شوکری خوای بکەی مێردێکی ئاوا باش و نازەنینی داویەی. پیاوی باش لەدنیادا زۆرن بەڵام مێردی باش کەمن. سەنگینی و پاکیی ئەخلاقی ویم لەکەم کەسدا دیوە. بێگومان هیچ قسەیەک لەوەدا نییە کە چاکەکانی وی وەک گوڵەکانی مافوورە و تەختەکەی تەنیا بە کابانێکی شیاو و نەجیمی وەک تۆیە کە دەتوانێ خۆ بنوێنێ. هەمیشە بە نازپەریی خێزانم کوتووە، کە ئەو ئاسکە ئەستێرەیەکی کلکدارە کە سەدە وبە سەدە جارێک لە سەرزەمینی ئێمە ڕا وەدیاردەکەوێ. وەڵڵا مەشەدی میران، تۆ دەبێ پەیکەرەی ئەو ژنە لەزێڕی داڕێژی و تا زیندووە ناوی هیچ ژنێکی دیکە، با حۆری و پەریش بێ، نەهێنی.

پیرەمێرد ئەوجار لەسەر ژنانی کرماشان وەجواب هات، لە بەرپەرچدانەوەی قسەی پێشووی سەید میراندا دەستی کرد بە گێڕانەوەی ڕووداوی کچەکوردێک کە دە شەڕەکانی شۆڕشی مەشرووتەدا، بۆ تۆڵەی خوێنی براکەی لە سەرەڕۆیان، پێی دە ڕکێفێ نا و بە دلێری و بوێرییەکانی، ڕۆژگاری بۆ دوژمنان تەنگ کردبۆوە.[۱]

کەربەلایی عەبباس و ژنەکەی نازپەری کۆنترین دراوسێی ئەو ماڵە و لەڕاستیدا لەڕوانگەی خێزانی سەرابییەوە وەک ئاوێنە و قورئان بوون. پیرەمێرد بۆخۆی لەبنەڕەتدا خەڵکی فەریدەنیئیسفەهانبوو. لە گەرمەی شۆڕشی مەشرووتەدا بەنیاری زیارەت ڕێگای کەربەلای گرتبووەبەر، لەگەڕانەوەدا لەکرماشان خەرجەکەی تەواوببوو و هەرلەوێ مابۆوە. ئەوژنەی هێنابوو کەکوردبوو، هێشتا دەسماڵی لەسەر دەکرد و وشەیەک فارسیی نەدەزانی. منداڵێکی لێی نەببوو. پێش ئەوەی زەمانەی ستەمکار میلی دەچاوان بکێشێ ماوەیەک دووکانداری سەید میران بوو. و سەیر ئەوەیە کە لەڕۆژانی گەنجی و کامەرانیدا بۆخۆی چەندساڵێک خەریکی نانوایی ببوو. بەڵام ئێستا کە کوێر و خانەنشین ببوو گوزەرانی بەکردنی نوێژەکانیسوننەتو وەرگرتنی سەرفترەی ئەوچەشنە نوێژانە بەڕێوەدەچوو. سەیدمیران کە پیاوێکی دەستڕۆیشتوو بوو لەجیاتی خومس و زەکاتی خۆی ساڵێ پەنجامەن نان و دوو تەلیس خەڵووزی نانەوایی، کەئیئاگری تەندوور بوو و

۱- ناوی ئەو کچە قەدەم خێر بوو.

تەنیا بەکاری کورسیھاویشتن دەھات، دەدایە، کرێی خانووی لێوەرنەدەگرت و لە یاریدەدانی جۆراوجۆریش درێخیی نەدەکرد. چونکە ئەو بەرەکەتی ئەماڵە بوو. پیاوێکی بەڕێز و مەزن بوو کە ھەشتاساڵان بەئابڕوو ژیابوو و لە چاکە و خراپەی ژیان ئەزموونی زۆری کۆکردبوونەوە. بەڵام ڕۆژگار بەپیری وکوێری ونەداری دەستی بەستبوون. کوێربوو بەڵام بەچاوی ئاوەڵەتر لەکەسانی ئاسایی، و بە ڕوانگەیەکی بەرزتر لە ڕاستیی پێشھاتەکانی دەڕوانی. ھەر وەک چۆن بەھێواشی قسەی دەکرد، ھەرئاواش لەسەرەخۆ داوەریی دەکرد. جیھانی بەجێگای خراپە بەڵام مرۆڤی بە پەیڕەوی چاکە دەزانی. تا دەیتوانی چاکە بڵێ، زمانی بۆلای خراپە نەدەچوو. پاشملە باسکردنی بەپیسترین تاوان دەزانی و ئەو خوویەی کاری کردبووە سەر سەیدمیرانیش. تاقانەکوڕەکەی کەلە ژنی یەکەمی بوو و بۆخۆی ژیانێکی جیاوازی ھەبوو، بەھۆی ھێندێک لاساری و نالەباری بەنەحلەتی کردبوو. سەرەڕای نابینابوونیشی دەیتوانی ھەناری وا لەت کا تەنانەت دەنکێکیشی نەکەوێتە زەوی؛ دەکوت، یەکێک لە دەنکەکانی ھەنار ئی بەھەشتە، ئەوەی دەکەوێ و بەنسیب مەلەک دەبێ ڕەنگە ھەرئەوە بێ. سەید میران بە بڕوا و ھۆگرییەکی تایبەت ڕێزی لێ دەگرت؛ یەکێک لەسەرگەرمییەکانی، ئەودەمەی دەھاتەوەماڵێ‌و ئەگەر کارێک نەبا، دانیشت دەگەڵ وی بوو. ھەمیشەوتەنانەت پاش مردنی کە لە تاوسانی ساڵی دواتر ڕوویدا، یادی ویی‌دەکردەوە. لە قسەکانی خۆیدا، بابەتەکانی، کە زۆرتر تێکەڵاوی چیرۆک و پەند و قسەی خۆش بوون، لەزاری پیرەمێردەکە ڕا دەگێڕانەوە.